# دنیای منداڵان

١٥٨

www.kurdistanukurd.com

ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا



# دنیای منداڵان

گۆڤارێکی مانگانەی منداڵانە، ناوەندی

منداڵپارێزیی رۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا





سەرنووسەر: شیلان قوربانی فەر

دەستەی نووسەران: کاوە ئاهەنگەری، هانا

وریا، نێعمەت مەلا، مینا سوڵتانزادە

دیزاین: دایکی نارین



پەیوەندی:

www.facebook.com/nawendy.mndal.paryzy.kurdistan

www.Kurdistanukurd.com

منداڵە خۆشەویستەکان و خوێنەرانی گۆڤاری دنیای منداڵان! ئەوکاتەتان باش.

هەمووومان دەزانین کە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا گرنگییەکی تایبەت دراوە بە هەموو بوارەکان وەکوو ژنان، لاوان، فەرهەنگوکولتور، جلوبەرگو بەتایبەتی خوێندنو هەروەها دەرکردنی کۆمەڵێک رۆژنامەو بڵاوکراوە.

بەڕێوەبەرانو بەرپرسانی ئەوکات منداڵانیشیان لەبیر نەکردوەو لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا  گۆڤارێک بە ناوی گروگاڵی منداڵان دەردەچوو کە پڕبووە لە چیرۆک، زانیاری، شێعر، مەتەڵ، قسەی ناوداران، ئامۆژگاری و فێرکردنی رێزمانی کوردی و چەندین بابەتی دیکەیان تێدا گونجاندوە.









مامۆستا مەسعوود محەممەد ناسراو بە مەسعوود محەممەدی جەلیزادە نووسەر و کەسایەتیی ناوداری کورد، ساڵی ١٩١٩ لە شاری کۆیە لە بنەماڵەیەکی ئایینی لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی لەو شارە تەواو کردوە، دواتر بۆ درێژەدان بە خوێندن چۆتە شاری هەولێر. ساڵی ١٩٤٥ کۆلێژی یاسای لە شاری بەغدا تەواوکردوە.

مامۆستا مەسعوود بەردەوام خەریکی خوێندنەوەو نووسین و لێکۆڵینەوە بووە بە تایبەت لە بواری دیاردە کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکان.

ناوبراو لە ساڵەکانی ١٩٥٣و ١٩٥٤ بۆتە نوێنەری خەڵکی کۆیە لە پەرلەمانی عێراقو ساڵی ١٩٥٨ بۆتە ئەندامی لێژنەی چاکسازیی کشتوکاڵ، دەگەڵ چەند یاساناسێکی دیکە یاسایی چاکسازیی کشتوکاڵو ئاوەدێری داناوە.

مامۆستا مەسعوود لەو ماوەیە کە لە بەغدا ژیاوە چەندین پۆستی دیکەی دەوڵەتی هەبوو بەڵام دوایی ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ گەڕاوەتەوە کوردستان.

مامۆستا مەسعود محەمەد جگە لەوەی بیرمەندێکی گەورەی کورد بوو؛ ڕووناکبیرێکی مەزنی کوردستانیش بوو. سەرچاوەکانی فەلسەفەی (هیگڵو مارکس)ی زۆر بەوردی خوێندبووەوەو لەگەڵ باری ئابووریو کۆمەڵایەتیی کوردستان بەراوردی دەکردو لەگەڵ هەندێ لایەنی پۆزەتیڤو لەدژی هەندێ لایەنی نێگەتیڤی بوو.

مامۆستا مەسعود خاوەنی چەندین بەرهەمە بە زمانی کوردی و عەرەبی:

١ـ حاجی قادری کۆیی - بەشی یەکەم - بەغدا - کۆڕی زانیاری کورد ١٩٧٣.
٢ـ حاجی قادری کۆیی - بەشی دووەم - بەغدا - کۆڕی زانیاری کورد ١٩٧٤.
٣ـ حاجی قادری کۆیی - بەشی سێیەم - بەغدا - کۆڕی زانیاری کورد ١٩٧٦.
٤ـ گەشتی ژیانم - سوید - ستۆکهۆڵم - ١٩٩٢ چاپی یەکەم.

١ـ اعاد التوازن الي ميزان - مختل - المجمع العلمي الكردي - بغداد ١٩٧٧.
٢ـ الي غورباشوف العظيم.

بەداخەوە لە ڕێکەوتی ٢٠٠٢/٤/٢ لە نەخۆشخانەی هەولێر بە هۆی نەخۆشی، کۆچی دوایی کرد.

ئا: شیلان

# هیچیان تامی ئەوی نیە!

ئێوارەیەکی گەرمی هاوین بوو، تەمەنم ٩ساڵان بوو، لەبەردەرگای ماڵە کۆنەکەمان دانیشتبووم و کایەم بە پارچە دڕاوەکەی پێڵاوەکانم دەکرد و سەیری ئەو منداڵانەم دەکرد کە لە کۆڵانە تەنگەکەدا پایسکیلیان لێدەخوڕی. لە یەکێک لە گەڕەکە کۆنەکانی شاری هەولێر دەژیاین. چەند مانگێک بوو ماڵە گەورەکەی باپیرەمان بەجێهێشتبوو، منداڵەکانی دراوسێمان دەیانگوت ئێوە ئاوارەن. ئەوان دەیانگووت هەر کەس ماڵە خۆی بەجێبهێڵێت پیدەڵێن ئاوارە.

ئاکۆ کە لە منداڵەکانی دیکە بڕێک جیاوازتر بوو، هاتەلام دانیشت و پێیگوتم مام ڕەسووڵ مۆتەی هێناوەو دەیفرۆشێت، بڕۆ پارە لە دایکت وەربگرەو دەچین دەیکڕین.

منیش بۆ ئەوەی ئاکۆ نەزانێت دایکم پارەی پێنییە، پێمگوت: بەیانی مۆتەم خواردووە و پێمناخورێت، بەڵام لە دڵەوە ئارەزووی خواردنی مۆتەم دەکرد.

ئاکۆ ڕۆیشت و لەولاوە بە مۆتەیەکەوە گەڕایەوە، لەو گەرمایەدا و دوای چەند مانگ بەستەنی نەخواردن، دەبێ تامی مۆتەیەکی دوو ڕەنگی مام ڕەسووڵ چەندە خۆش بێت؟! ئێستاش کە بیرم دەکەوێتەوە چاوەکانم پڕ دەبێت لە گریان و بۆ پەیدا کردنی وەڵامی ئەو پرسیارە تامی هەموو جۆرەکانی مۆتە دەکەم، بەڵام پێموایە هیچیان تامی مۆتەکانی مام ڕەسووڵیان نییە.

باوکم ڕۆژانە هەر لەگەڵ هەڵاتنی خۆر ماڵی بەجێدەهێشت و بۆ خاوێنکردنەوەی کۆڵانەکان دەکەوتەڕێ. ئەو پێیوابوو شانسێکی چاکی هەبوو کە ئەو کارەی دۆزیوەتەوە، ئێستاش نازانم بۆ باوکم ئەوەی پێ شانسێکی گەورە بوو؟!! ئەی ئەوانەی بۆیان ڕخساوە بخوێنن و کارێکی ئاسانترو لە شوێنێکی فێنکتر و بە ماندووبوونێکی کەمترەوە، بکەن دەبێ شانسی ئەوان



چەندە گەورەتر بێت؟!!

داهاتی مانگانەی بابم زۆری دیناری ئاسن تێدابوو، بەڵام بابم دەیگوت ئەگەر ئەو دینارە ئاسنانە بدەم بە مام ڕەسووڵ، ئەوا ناتوانین کرێی ماڵەکەمان بدەین و دوایەش شەوانەش دەبێ لەدەرێ بخەوین.

بابم جار جار ڕێگەی پێدەدام کە دینارە ئاسنەکە لە ژێر لاپەڕەیەک دانێم و بە پێنووسەکە بە سەر کاغەزەکە دابێنم. وێنەی دینارە ئاسنەکە وەک خۆی دەردەچوو، بابم دەیگوت ئەها ئەتۆش دیناری ئاسنت هەیە، بەڵام من دەمزانی مام ڕەسووڵ ئەو دینارە وەرناگرێت.

یەک دوو مانگ تێپەڕی، مام ڕەسووڵ ئەوجار لە جیات وەی بە تەپەدۆر مۆتە بفرۆشێت، دووکانێکی لە تەنیشت ماڵە ئێمە دانا.

ڕۆژێک کە لەگەڵ منداڵانی گەڕەک خەریکی تۆپانێ کردن بووین، بەر گوێم کەوت کە مام ڕەسووڵ کۆکاکۆلای هێناوە. منداڵان هەموو تۆپانێکەیان بەجێهێشت و چوون بۆ کڕینی کۆکاکۆلاکان لە شووشەدا. ڕاستییەکەی قەتم نەخواردبووەوە، پێشم وابوو کە قەت ئەو پارەیەم نابێت بیکڕم، ئاخر کۆکاکۆلا بە دوو دینار بوو.

لە بیرم ناچێتەوە لەسەر بەردەکەی بەردەرگامان دانیشتبووم، سندووقی شووشە بەتاڵەکانی دووکانی مام ڕەسووڵیش هەر لە پەنا دەستم بوو.

کابرایەک کە لە دووکانی مام ڕەسووڵ خەریکی خۆفێنک کردنەوەو خواردنەوەی کۆکاکۆلا بوو، شووشە بەتاڵەکەی لە سندووقەکە خست.

پێموابوو شانس ڕووی لە من کردووە، لە کاتێکدا مام ڕەسووڵ خەریکی پارە ژماردن بوو دەستم دایە شووشەکە و ئەو یەک دوو قوومەی کە لە شووشەی کابرا دا مابۆوە، تادوا دڵۆپە لێمخواردەوە.

لەو ڕۆژە بە دواوە خۆم لە سندووقی شووشە بەتاڵەکان مات دەکرد و ئەو کۆکاکۆلایانەم دەخواردەوە کە لە بنی شووشەکەدا دەمانەوە.

ئێستا کە لەگەڵ بنەماڵەکەم لە وڵاتێکی دەرەوەی کوردستان دەژین، ڕۆژانە شێوەی جۆراوجۆری کۆکاکۆلاو پیپسی دەکڕم و دەیخۆمەوە، بەڵام هیچیان تامی ئەوانەی نییە کە لە بنی شووشەکانی دووکانی مام ڕەسووڵ دا دەمانەوە و دەمخواردنەوە.

ڕاستییەکەی ئێستا کە خوێندنم تەواو کردووە و کارێکم هەیە کە ماندووبوونێکی کەمی تێدایە و داهاتێکی خراپیشی نییە، دەشتوانم مۆتە و کۆکاکۆلای جۆراوجۆر بخۆمەوە، دەزانم ئەوە شانسێکی گەورە نییە، بەڵکوو شانسی گەورەی من خواردنەوەی ئەو کۆکاکۆلا بەتامانەی سەردەمی منداڵیم بوو.

پێموایە باوکیشم پاک کردنەوەی شەقامەکانی وڵاتی خۆی پێ شانسێکی گەورە بوو هەتا ژیان لە وڵاتێکدا کە بە نیشتمانی خۆتی نازانێت.

**هانا وریا**

# منداڵینە! جیاوازی نێوان ئەم دوو وێنەیە ببیننەوە!



# باوکو دایک

دایکو باوکم خۆشدەوێن   هەر ئەوانن خەم ڕەوێن
کە لە یەک توورە دەبن   تاریک دادێ ژینی من
کاتێ کە پێدەکەنن   دڵم دەکا شنە شن
منی منداڵ حەز دەکەم   ڕویان خۆش بێ هەموو دەم
شادی ئەوان بدوێنێ   منیش خەمم نامێنێ
بابە گیانو دایە گیان   هەر دڵشاد بن هەردووکتان

لەتیف هەڵمەت



Hi every body سڵاو منداڵەکان

وانەی ئەمجارەمان تایبەتە بە ئیش و کار (occupations)

What do you do?

چ کارێک دەکەی؟



I'm a police officer. I fight crime.

من پۆلیسم. من دژی خراپەکاری و تاوانم.

I'm a teacher. I teach students.

من مامۆستام. من وانە بە قوتابییەکان دەڵێمەوە.



I am a chef. I cook in a restaurant.

من بەرپرسم. من لە ریستۆرانتێکدا ئاشپەزی دەکەم.

I am a student. I study at school.

من خوێندکارم. من لە قوتابخانەیەک دەخوێنم.



I am a truck driver.

من شۆفیری کامیۆنم.

I am a dentist. I take care of teeth.

من دکتۆری ددانم. من لە کاروباری ددان رادەگەم/ من ئاگاداری لە ددان دەکەم.



I'm a waiter. I serve food in the restaurant.

من گارسۆنم. من خواردن دەبەم (بۆ مشتەری) لە ریستۆرانێک.

I'm a postal worker. I bring letters.

من پۆستچیم. من نامە دەگەیەنم.

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Firefighter | Doctor | judge | reporter | Painter | Singer | Lawyer | Nurse |
| ئاورکوژێنەوە | دکتۆر | دادوەر/ قازی | هەواڵنێر | نەقاش | گۆرانیبێژ | پارێزەر/ وەکیل | پەرەستار |

کاوە ئاهەنگەری

# خنجیلەکان! بمکێشنەوەو بمڕەنگێن!





# چی بوو؟! لە کوێ؟! بۆچی؟!

## شێوەی دروست کردنی کاغەز





کاکی داربڕ دەچێتە دارستان و دارەکان دەبڕێتەوە و دەیانتێری بۆ کارخانە و لەوێ دارەکان ورد ورد دەکەن، بەو وردە دارانە دەڵێن «تەلاش»!

تەلاشەکان لەگەڵ چەند پێکهاتەیەکی دیکە لە ناو مەنجەڵێک ئاودا دەکوڵێنن و ئەو تەلاشانە دەبنە هەویر و پاشان هەویرەکە لە سەر دەزگایەک پان دەکەنەوە بەناوی تەسمە و غەڵتەک لەسەری دەڕوا تا جوان ئاوەکەی دەچۆڕێتەوە و وەرەقێکی زۆر گەورە دروست دەبێ، کاتێک وەرەقەکە بە تەواوی وشک بۆوە، بە دەزگا بە شێوەو قەبارەی جۆراو جۆر دەبردرێ.

منداڵینە! ئێوە دەزانن بۆ دروست کردنی کاغەز بە هەزاران دار دەبردرێنەوە؟! بۆیە دەبێ ئێمە بۆ پاراستنی دارەکان کاغەزەکان بە فیرۆ نەدەین و خەساریان نەکەین!



## خێراترین گیاندار کام گیاندارە؟

بەورەکان تەنیا لە ماوەی ٣ چرکە هەڵاتن دا، خێراییەکەیان دەگاتە ٧٠ کیلۆمەتر لە یەک

کاتژمێردا و لە ٢ چرکەی دواتر دا خێراییەکەیان دەگاتە ١١٠ کیلۆمەتر و ئەگەر لە کێبەرکێی ڕاکردن دا بەشداری بکەن دەتوانن زۆر خێراتر لە مرۆڤێکی قارەمان بگەنە هێڵی کۆتایی.



هەروەها لەناو ماسییەکان دا، نەیزە ماسی خێراترین ماسییە و دەتوانن لە کاتژمێرێکدا ١١٠ کیلۆمەتر مەلە بکەن



کۆمەڵێک لە توێژەرەوەکانی زانکۆی باکووری فلۆریدا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەوەیان سەلماندوە وەسەرکەوتن بەسەر داردا دەبێتە هۆی بەهێزکردنی توانای مێشک بەرێژەی ٪٥٠ .



لە توێژینەوەکەدا ئەوەش هاتوە ڕۆیشتن بەپێخاوسی بۆ ماوەی چەند خولەکێک و بەردەوام بوون لەسەر ڕاهێنانەکانی یۆگا کاریگەری دەبێت لەسەر تواناکانی مێشک و یادەوەری مرۆڤ بەهێز دەکات .

منداڵینە! دەزانم هەم سەرکەوتن بەسەر دارو درەختەکانتان بە کەیفییە و هەم بە پێخاوسی، بەڵام دەبێ زۆر وشیاری خۆتان بن.

وەرگێڕانی: نارین

# چیرۆکی سێ بەستەنیی بەدفەڕ

سێ بەستەنی (مۆتە)ی بەدفەڕ لە ناو سارتکەرەوەی مارکێتێک دا خەوتبوون کە یەکیان قاوەیی بوو و دوانەکەی دیکەش تووفەرەنگی و سەهۆڵی بوون.
بەستەنیە قاوەییەکە بە هاورێکانی گوت: خۆزگە کچێکی خۆشحاڵ و ڕوو گەش بێ و من بکڕێ و بچمە ناو دڵییەوە و فێنکی بکەمەوە تاکوو زیاتر خۆشحاڵ بێ.
بەستەنی تووفەرەنگی گوتی: من حەز دەکەم کوڕێکی شاد بە خواردنی من شادو خۆشحاڵتر بێ. بەستەنیی سەهۆڵییەکەش گوتی: بەڵام من حەز ناکەم هیچ کەس خۆشحاڵ بکەم و پێم خۆشە هەر لێرە بخەوم و بە ئێوە پێبکەنم!
لەو قسانە دا بوون کە کچێکی خوێن‌شیرین و دەم بە پێکەنین دەگەڵ دایکی هاتنە مارکێتەکەو داوای بەستەنیی قاوەیی کرد، ویستی بەستەنییە قاوەییەکە هەڵگرێ کە شتێک بە مێشکی دا هات. بەستەنییەکە خەمبار بوو، لە دڵی خۆی دا گوتی، نەکا منی پێ‌خۆش نەبێ، بەڵام کچەکە هەم بەستی قاوەیی هەڵگرت و هەمیش بەستەنی تووفەرەنگی. دایکی گوتی ڕۆڵە گیان بۆچی دوو دانەت هەڵگرت؟ کچەکەی گوتی: دایە گیان! یەکیان بۆ من و ئەوی دیکەش بۆ تۆ!
دایکی پێکەنی و گوتی: من ناخۆم، کچەکەش تووفەرەنگییەکەی خستەوە ناو ساردکەرەوەکە. بەستەنییەکە گوتی: ئۆخەیش خۆ هێندەی نەمابوو دایکی بمخوا، دواتر گوتی: ئۆخۆیش بەستەنیی قاوەیی بە ئاواتەکەی گەیشت.
لەو کاتەدا بوو کە کوڕێک هات و بەستەنیە سەهۆڵەکەی هەڵگرت، بەستەنی هاواری کردا! تکایە لە جێی خۆم دابنێوە، من حەز ناکەم کەس خۆشحاڵ بکەم، تکایە یارمەتیم بدەن! تووفەرەنگی گوتی: ئای خۆزگە من بام لە باتی تۆ چەندە حەز دەکەم من ببات دەگەڵ خۆی!
لەو کاتەدا دایکی کوڕەکە هات و گوتی: کوڕم سەهۆڵ بۆ گەرووت باش نییە، باشتر وایە ئەو بەستەنییەی دیکە هەڵگری. کوڕەکەش لەو بەرزاییەوە بەستەنیە سەهۆڵەکەی بەردایەوەو ئەوی دیکەی هەڵگرت، بەستەنییە سەهۆڵەکە هاواری کرد ئەری سەبر فڕێم بدە، پشتم شکا!



بەستەنیی تووفەرەنگی بە ئاواتی خۆی گەیشت و بەستەنیی سەهۆڵیش لە کەلێنێکی ساردکەرەوەکە خۆی شاردەوەو چونکە دەرگای ساردکەرەوەکە پێوەنەدرابوو وردە وردە توایەوەو سێحەبی مارکێتەکە، لەگەڵ کۆمەڵێک شتی دیکە فڕیی دایە سەتڵی زبڵەوەو چیرۆکی ئێمەش بەو شێوەیە کۆتایی پێهات.

چاو گەشەکانی دنیای منداڵان! هیودارم چیرۆکەکەتان بە دڵ بێ و بە خوێندنەوەی ئەم چیرۆکە دڵی ئێمەش خۆش بکەن

**داڕشتنەوەی: دایکی نارین**

# چەند دیمەنێک لە منداڵان و کەتنەکانیان



# ڕاکردنی فیل لە دارستان



لە نێو دارستانێکی جوان و سەرسەوزدا فیلێکی بەدفەڕ دەژیا.

فیلەکە کە هەموو ڕۆژێک بۆ مەلەکردن دەچوو بۆ ڕووبارەکە و لەسەر ڕێگاکەی هەرچی هێلکەی باڵەندەکان هەبوایە پێی لێ دەنان و دەیشکاندن.

ڕۆژێکیان باڵندەکان بڕیاریاندا کە قسە دەگەڵ فیلەکە بکەن و پیی بلێن کە چیتر هێلکەی ئەوان نەشکێنێ.

هەربۆیەش یەکێک لە باڵندەکانیان بە نوێنەرایەتی خۆیان ناردە لای فیلەکە،کاتێک باڵندە بچکۆلەکە ویستی قسەی دەگەڵ بکا، فیلەکە گاڵتەی پێ کرد.




لە نزیک رووبارەکە باڵندەکان
هەموو تێکڕا پەلاماریان دا

فیلەکەش زۆر ترسا، ڕایکرد و
جارێکیتر نەگەڕاوە بۆ دارستان.

# دەچم بۆ سەیران

دەچم بۆ سەیران لە بناری کێوان
خوشی‌و پێکەنین دێتە سەر لێوان
سەیران زۆر خۆشە لە فەسڵی بەهار
دەنگی باڵندە لە دەشت و نزار
خەندەو پێکەنین چەند خۆشە لە دوور
بە چەپلە ریزان دەچنین گوڵی سوور
منداڵان بە پۆل بەجلی کوردانە
دەکەن هەڵپرکێ و بەزم و جۆلانە
منداڵان وەرن با بچین بۆ کێوان
لەوێ نزیکە باخەکی سێوان
دەڵین نەورۆزە جێژنی کاوەیە
وڵاتم رنگین زۆر رازاوەیە
وەرن با بڕۆین بۆ دەشت و نزار
دەڵێن پیرۆزە نەورۆزو بەهار
دوور لە وەتەن لە زێدی باوان
سوورمە و خاکەکەی دەرمانی چاوان

**ئاوێزان بامرادی**



# ئایا دەزانن؟



١- ئایا دەزانن ڕێوی هەموو شتەکانی دەوروبەری بە ڕەنگی خۆڵەمێشی دەبینێ؟



٢- ئایا دەزانن پشیلە ناتوانێ تامی خواردنی شیرینی بکا؟



٣- ئایا دەزانن جۆرە پەپوولەیەک هەیە کە هەستی بینینی ١٢ هەزار جار لە هی مرۆڤ بەهێزترە؟



٤- ئایا دەزانن فیل تەنیا ئاژەڵێکە کە داتوانێ فێربێ لەسەر قاچ و سەری ڕاوەستێ؟

# سوودەکانی خۆخ «گۆخ»

خۆخ میوەیەکی هاوینەیە، سوودێکی زۆری هەیە بە تایبەت بۆ منداڵان

- لە وەرزی هاوین دا کاتێک زۆرتان گەرما دەبێ دەتوانن میوەی خۆخ بخۆن.
- خۆخ بڕێکی زۆری پۆتاسیۆم و ئاسن تێدایەو خواردنی دەبێتە هۆی ئەوەی گورچیلەکان بە باشی کار بکەن.
- خواردنی خۆخ دەبێتە هۆی ئەوەی پێستی لەش جوانتر بێ.
- خواردنی خۆخ بۆنی ناخۆشی دەم ناهێڵێ.
- لەبەر ئەوەی خۆخ میوەیەکی وزەبەخشە ئەو کەسانەی نەخۆش دەکەون بەتایبەت منداڵان و بەساڵاچوان دوای چاکبوونەوەیان دەتوانن خۆخ بخۆن.

ئا: پەیام





# دادگای ئاژەڵان

لافۆنتێن فەیلسوفی بە ناوبانگی فەرانسەیی چیرۆکێکی هەیەو لەوێدا دەڵێ:
ڕۆژێک ئاژەڵەکان هەموویان کۆبوونەوەو قسەیان لەسەر ئەوە بوو کە چیدیکە یەکتر ڕاونەکەن و یەکتر نەخۆن. بۆ ئەو مەبەستە قەراریان دانا دادگایەک پێک بهێنن کە کردەوەی رابردووی هەموان مەعلووم بێ.
دادگاکە پێکهات، لە شێر ڕا هەتا کەرو کەروێشک هەموویان ئامادەبوون.
پرسیار لە شێر ڕا کە پادشای ئاژەڵانە دەستپێکرا:
شێر: ڕۆژێک بەدوای تێر خواردن دەگەڕام، ئاسکێک و بێچووە ئاسکێکم چاوپێکەوت، منیش ئەگەرچی تێربووم پەلامارم بۆ بردنو لە پێشدا بێچووەکەم لە پێش چاوی ئاسکەکە خواردو دوایە ئاسکەکەشم خوارد.
دادگا: قوربان! کارێکی زۆر چاکتان کردووە.
پڵینگو گورگیش هەردوو کردوە خراپەکانی خۆیان گێڕاوەو دادگا کردەوەکانی تەئید کرد.
پاشان نۆبەی کەری بەستەزمان هات!
کەر: بەهاربوو. لەوەڕ خۆش بوو، منیش کە زۆرم برسی بوو دەستم کرد بە خواردن. لەوە زیاتر گوناهێکی ترم نیە.
دادگا: ئەی کافری گوناح کار، چۆن دەبێ  تۆ بەو پیس و پۆخڵییەتەوە گیای شین و جوانی بەهاری بخۆی؟
بیگرن، بیکوژن.
شێرو گورگو پڵینگ لیکرا پەلاماری کەری پەستەزمانیان دا و پارچە پارچەیان کردو لە خۆیان بەش کرد.

ق- مودەرسی

**لە ژمارە ٢ی گروگاڵی منداڵان ساڵی ١٣٢٥ سەردەمی کۆماری کوردستاندا بڵاو بۆتەوە و ئێمە بە کەمێک دەستکاریەوە  دووبارە بڵاومان کردۆتەوە.**




بیتا پڕکاڵ




ئارینا باپیری



شارۆ ڕەسووڵی



ئاڵا ڕەسوڵپوور



مەتین مەمەندی



نارین کەنکاش

